شیعر بۆ منداڵان

# گوڵە ئەستێرە

زیاد ڕەشاد قادر



شیعر بۆ منداڵان

# گوڵەئەستێرە

زیاد ڕەشاد قادر
٢٠١٢

ژانر: شیعر بۆ منداڵان
نیگار: مەریەم عەبدوڵڵا
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: خەلیل هیدایەت مام شێخ
تایپ: کۆسار زیاد
مافی لە چاپدانەوەی: بۆ نووسەرە
لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی 2012ی پێدراوە.

# میوان

دایە، بابە، میوانمان هات
ڕۆژی ماڵ و سەر خوانمان هات
بە هاتنی چەند دڵخۆشم
ئەز بۆ میوانم پەرۆشم
دەک بەخێربێ خۆشی هانی
مایەی شادی و ئاوەدانی
هەر ئێستا دەچمە پێشوازی
دوایی دەیکەین گەمە و وازی
زۆر دەگرم ڕێزی میوانم
خۆشم دەوێ وەک چاوانم
خواردنی خۆشی پێشکەش دەکەم
دڵ و دیدەی ئەو گەش دەکەم
کە ڕۆیشت جوان بەڕێی دەکەم
هەتاکو بەر دەرگای دەبەم
بەخێرچی میوانی ئازیز
بەختەوەربی و قەت نەبی زیز
خوات لەگەڵ هاوڕێی وەفادار
سوپاس، بە ئومێدی دیدار

ئەز: من، ئەمن
دیدە: چاو



# سڵاوکردن

کاتێ بگەینە هەر کەسێ
خزم، ناسیاو، دراوسێ
خێرا لێی دەکەین سڵاو
ڕێزی دەخەینە سەر چاو
ئەوی سڵاویشی لێ کردین
بە شێوازی زۆر شیرین
وەڵامی دەدەینەوە
سڵاوی لێ دەکەینەوە
سڵاو، هێمای ئاشتییە
ڕێز و خۆشەویستییە
سڵاوی گەرم بۆ هەمووان
لە کاکە و دادە و باوان
بۆ مامۆستا و هاوڕێکەم
لە خزم و دراوسێکەم

باوان: دایک و باوک



# پرسیارکردن

قەت سڵ ناکەین لە پرسیار
لە فێربوون نابین بێزار
سەرمان لە شتێ دەرنەچێ
نایەڵین لە کیسمان چێ
دەڵێینە بابە و دایە
تەمەن نادەین بە زایە
یەک و دوو، یا صاد و سین
لە مامۆستا دەپرسین
لەکوێ، کەی، بۆ، چۆن و کێ
دەکەین پرسیاری بەجێ
پرسیار بکە و مەترسە
مەڵێ زانینی قورسە
بێ پەروا دەنگ هەڵبڕە
چیت هەیە دەریبڕە
بە پرسین و گفتوگۆ
دەگەیتە بەرسڤی خۆ
پرسا داهاتووی گەشە
نەپرسا هەر بێبەشە

بەرسڤ: وەڵام، وەرام
پرسا: پرسکەر، کەسی بەپرسیار.
نەپرسا: کەسێ پرسیار نەکات،
پێچەوانەی (پرسا).



# شیعر دەخوێنینەوە

چەند وشەیەکی ڕێکوپێک و جوان
لە ئامێزی یەک دەبەستن ژوان
بە واتای بەرز و وشەی مانادار
دەبنە تابلۆ و وێنەی ورشەدار
هەست و عاتیفەی ئێمە دەدوێنن
تۆوی سەلیقە لە دڵ دەڕوێنن
شیعر پەپوولەی باغی جوانییە
وەک شێوەی مانگی چاوی کانییە
پەیڤی گەشاوەی دەقەری سۆزە
مامزی دەشتی عەشقی پیرۆزە
دەسا منداڵان با بیرمان گەش کەین
بە زەینی ڕۆشن شیعر ئەزبەرکەین
شیعری بەپێز و وشەی بە مانا
گوتەی ژیران و بەرهەمی دانا

ورشەدار: بریقەدار


هۆنراوە

# پاکژی

خاوێن، جوان و تەندرووستە
نیشانەی بڕوای دروستە
پۆشاکی خاوێن دەپۆشم
میوە و سەوزەی پاک دەنۆشم
زوو زوو نینۆک دەقرتێنم
قژم بە شانە دادێنم
نان و چێشتی خاوێن دەخۆم
ددانم بە فڵچە دەشۆم
جانتا و کتێب و دەفتەرم
هەر بە پاکی ڕایاندەگرم
منداڵانی ڕێک و خاوێن
هەموو خەڵکی خۆشیان دەوێن
پیسی بەس دەرد و بەڵایە
جێی میکرۆب و بەکتریایە



# پاشەکەوتکردن

لەو پارەی وەریدەگرم
بەشێکی لێ هەڵدەگرم
وردە وردە زیاد دەبێ
بەوە دڵم شاد دەبێ
ئەو پارە زیادەی هەمە
وا لەناو دەخیلەمە
گەر گشتم خەرج کردبا
بۆ کێک و نوقڵم بردبا
ئێستا دەسبەتاڵ دەبووم
قەرزار و بێحاڵ دەبووم
زێدەخەرجی نەشیاوە
ئیسراف بخەرە لاوە
هەروەک پێی گوتم بابم
دەبێ هەوڵ دەم ڕابم
هیچ شت نەدەم بەفیڕۆ
هەتا نەبم ڕەنجەڕۆ



# نان خواردن

بەر لـەوەی کـە نـان بخۆم
هـەردوو دەستم جوان دەشۆم
نـاوی خـوا لـەبیر ناکەم
دەسـت بۆ ئـەملاولا نابەم
چ خـواردنـێ بێتـە پێشم
بـە بێدەنگی دەینۆشم
پارووی بچووک، باش دەجووم
لـەدوای نان خـواردن نانووم
برسی بم یاخـود تێر بم
دەبـێ شوکرانەبژێر بم
زۆر خـواردنیش بـە زیانە
دژی لـەشساغی و گیانە
سوپـاس بۆ تۆ خـودایە
ڕۆزیـت هـەر دوایـی نایە

شوکرانەبژێر: سوپاسگوزار
ڕۆزی: ڕزق، ئازوقە



# قورئان

قورئانە پەیامی مە
ڕێبازی ئیسلامی مە
ڕووناکی و ڕێسای ژینە
پڕ لە گوتەی شیرینە
شاخەڵاتی ڕەحمانە
کتێبی خودا گیانە
دەی با فێربین بیخوێنین
تا جوان یەکدی بدوێنین
قورئانە پەیامی مە
ڕێبازی ئیسلامی مە
تیشک و چرای باوەڕە
دژی تاریکی و شەڕە
نامەی هیوا و ئاشتییە
خێر و خۆشەویستییە
فێرمان دەکا ڕاستگۆ بین
ئازا و لەسەرەخۆ بین
لەخۆبردوو و دەستپاک بین
خاوەن کرداری چاک بین
قورئانە پەیامی مە
ڕێبازی ئیسلامی مە


القرآن الكريم

# چوونە سەیران

ئەمڕۆ وەرزی بەهارە
بزەی دوند و بنارە
ئێمە دەچین بۆ سەیران
بۆ شادی و خەم بە بادان
لەوێ ژینگە پیس ناکەم
بەهار پەست و سیس ناکەم
نایکەم بە زبڵ و خاشاک
گشت شوێنێ ڕادەگرم پاک
جوانە ڕەنگی بەهاریم
وڵاتی کوردەواریم
وای لە گوڵ و سەوزاییم
زنە و شیو و بەرزاییم
چەند شیرین و قەشەنگن
جێگەی خۆشی و ئاهەنگن
سەیری پێدەشت و چیا
پڕ لە گوڵ و گەڵا و گیا
یاخوا بەهار هەر جوان بێ
شابووکی گشت وەرزان بێ

دوند: لوتکە، ترۆپک
زنە: کانیلە
شیو: دۆڵ



# ئازام و شەڕانگێز نیم

ئــازام و شــەڕانــگــێــز نیم
بەرامبەر کەس بێڕێز نیم
حــەزم لــە گـێـچــەڵ نییە
ژیــانــی پــڕگرفت چییە؟
دەگرم ڕێزی هەموو کەس
ناژیم بێ هیوا و مەبەس
ژیــان بــە ئــاشــتــی خۆشە
تــاڵاوی شــەڕ مــەنۆشــە
بــژی ئــاشــتــی و تــەبایی
نــەفرەت لــە قین و جیایی
ژینی دوور لە حەفت و هەشت
دنــیــا دەکــەن بــە بەهەشت
ڕەشــەبــای شــەڕ و خەشم
تــێــکــدەدا ژیــنــی گــەشم

خەشم: ڕق، قین



# کات

بەفیرۆ نادەم کاتم
دەکۆشم بۆ ئاواتم
کاتی تەمەن و ژینم
سامان و وزە و تینم
وەخت بەهای گرانە
بۆ هەوڵ و تێکۆشانە
نامەوێ دەسبەتاڵ بم
با بە کارێ سەرقاڵ بم
کاتەکانم ڕێک دەخەم
بە پلان دابەشیان دەکەم
بۆ خەوتن و خواردن
چەند سەعاتێک بۆ خوێندن
کاتێک بۆ گەمە و یاری
بۆ پشوودان، ئەتاری
بۆ وەرزش و بۆ سەردان
وەخت ژیانە ژیان

دەکۆشم: هەوڵ دەدەم



# دراوسێ

دراوسێتم، دراوسێمی
زێتر لە خزم و هاوڕێمی
هەردوو زارۆی یەک کۆڵانین
هاوگەڕەکین، ماڵ بە ماڵین
ئازاردانت لام تاوانە
ڕێزت لام لەسەر چاوانە
من دراوسێی خۆم خۆشدەوێ
باسی ناکەم لێرە و لەوێ
وەختی نەخۆشی و پیری
دەمی لاتی و زویری
هاوکاری پێشکەش دەکەم
ماڵی لەگەڵ بەش دەکەم
دراوسێ خۆشەویستە
خۆشویستنی پێویستە

لات: نەدار و پەرێشان
زارۆ: زارۆک، منداڵ


مروج عبدالله

# مامۆستاکەم خۆشدەوێ

مامۆستا چرای ڕێگا
خۆشەویستی کۆمەڵگا
ئەی سەرچاوەی زانیاری
ئەتۆ خەڵاتی، دیاری
بە چەکی وشە و پێنووس
تیشکی کتێب و تێنووس
نەزانین لەبن دێنی
دوارۆژمان دەنەخشێنی
پێتگوتین ڕەوشتپاک بین
خاوەن بیری ڕووناک بین
مەرجە قەدرت بزانین
ئەی مۆمی ڕۆشنی ژین
خوێنشیرینی، چاومانی
فێرکار، پێشەوامانی
بۆیە دەڵێین مامۆستا
خۆشەویستی تاهەتا

تێنووس: دەفتەر، پەڕاو



# دیاری

دیاری واتە ڕێزلێنان
وەفا و دڵسۆزی و ژیان
لە بۆنە و جەژن و ئاهەنگ
بە دیاری جوان و قەشەنگ
دەکەم سەردانی هاوڕێم
دڵنیام خۆشیدەوێم
خزم و هاوڕێم **بیمار** بێ
یا هاوسێم دەردەدار بێ
خەمی لێ دەتەکێنم
خەندە و شادی بۆ دێنم
بە دیاری ڕازاوە و جوان
ژیان دەکەین چراخان
چ گەورە یا بچووک بێ
دیاری جێگەی خۆی دەگرێ
دیاری بەخشین ڕەفتارە
خووی کەسی **ئاوەزدارە**

بیمار: نەساغ، نەخۆش
ئاوەزدار: ئاقڵ، هۆشمەند



# ڕاستگۆیی

ڕاستبێژم درۆ ناکەم
قەت پەنا بۆ فێڵ نابەم
درۆکردن دزێوە
درۆزن هەر بەدنێوە
لە خوێندنگە بم یا ماڵ
هەموو ڕۆژ، چوار وەرزی ساڵ
ڕاستی دەکەم بە پیشە
بێ دەلەسەم هەمیشە
درۆ چەکی بەدخووە
هەردەم ئابڕووی چووە
من منداڵێکی ڕاستگۆم
دوژمنی ساختە و درۆم
لە فێڵ و گزی دوورم
لەسەر ڕاستگۆیی سوورم

دزێو: ناشیرین، ناحەز
دەلەسە: درۆ، قسەی هەڵبەستراو



دەستپاکی
هاوکاری
دڵسۆزی
ڕاستگۆیی

## چاپکراوەکانی نووسەر

* ڕازە سادەکانی بەفر، شیعر، ٢٠٠٤
* کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ، چیرۆک بۆ منداڵان (ئامادەکردن)، ٢٠١٠
* گوتوبێژ، گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی، ٢٠١١
* سۆمای پاگژ، چیرۆک بۆ منداڵان، ٢٠١٢


شیعر بۆ منداڵان
گوڵە ئەستێرە
زیاد رەشاد قادر